# ئایا عیراق پێویستی بەوەیە ئاینی دەوڵەتی هەبێت

محمد حسين

بۆچی پێویستە دەوڵەتی عیراق ئاینی هەبێت ؟ ئایا ئەو پێداگریەی خەڵكانێك لەسەر ناوهێنانی شتێك بەناوی ئاینی دەوڵەتەوەو دواجاریش دیاری كردنی ئیسلام بۆئەم ئاینە جێگەی گومان و دڵەڕاوكێ نیە ؟ئەگەرئومێدێك هەیە بەوەی عیراق بتوانێت پێش دەوڵەتانی تری ناوچەكە هەنگاوی جدی دیموكراتیزەكردن بنێت چ پێویستە وەك دەوڵەتە سەركوتكارەكانی تری ناوچەكە بەتەنها ئیسلام بكرێتە ئاینی ڕەسمی دەوڵەت , لەكاتێكدا خەڵكی ئەم دەوڵەتە باوەڕدارانی ئاینەكانی تریشی تیایەو , ئەوانەیش كەئیسلامن دابەش بوون بەسەرچەندین مەزهەبی جیاوازی هەندێك جار ناكۆكیش , لەكاتێكدا هەموو ئەوانەی بانگەشەی داوایەكی وەها ئەكەن تەنها بەكارهێنانی ئیسلام وەك ئایدۆلۆژیایەكی سیاسی حیزبی لەو هێزانە جیایان ئەكاتەوە كەبەعیلمانی ناو ئەبرێت . ئایا ئەو هێزو خەڵكانەی بڕوایان بەپرۆژەیەكی وەها نیەو ئەیانەوێت ئاین لەناو پەیوەندیە ڕۆحیەكانی مرۆڤ و خوادا بێت و دەوڵەتیش دەوڵەتی مرۆڤ بێت بەهەموو جیاوازیە ئاینی و ڕەگەزی و.....هتد . چیان پێ ئەكرێت بۆڕێگەگرتن لەم خولیا ترسناكەی هێزە ئاینیەكان كەزۆرینەی پەرلەمان پێك دێنن . ئایا دەتوانن پەرلەمان بپارێزن لەملكەچ كردنی بۆخواستەكانی سیستانی , ئایا دەتوانن دەستورێك داڕێژن ئاین تیایدا نەبێتە بیانویەك بۆپێشێل كردنی مافە مەدەنیەكانی هاووڵاتیان .؟ باچاوەڕێ بكەین بزانین چۆن دەستور دائەڕێژرێت و شوناسی دەوڵەتی عیراق چۆن دیاری ئەكرێت . ئایا هەرنوێنەرانی خەڵكی كوردستانن كەدەوڵەتی ئاینی قبوڵناكەن یان خەڵكانێكی تریش هەن هەمان هەڵوێستیان هەیە ؟ لەوانەیە تەماشاكردنی شوناسی سیاسی ئەو ئەندامانەی ئەمڕۆ لە پەرلەمانی عیراقدان وەڵامێكی ئەم پرسیارە بن بەڵام هەرئەوەندە بەس نیە چونكە واقعە ئاڵۆزەكەی عیراق سەری لەو ئیسلامیانەیش شێواندووە كەئامانجی تادوێنێ یان دروست كردنی دەوڵەتی ئاینی بووە , ئە مڕۆ ئەوانیش كەوتونەتە بەردەم پرسیارگەلێكی وەك ئەوەی : ئایا دەكرێت دەستورێكی ئاینیانە دابڕێژرێت , یان ئەو حكومەتە ئیسلامیەی لەعیراقدا دروست ئەكرێت چۆن ئە بێت؟ ئایا وەك ولایەتی فەقیهەكەی ئێران ئەبێت یان دەسڵاتی خەلافەتی سونەكان . ئەمە لەحاڵێكدایە هەڵكردنی ئیسلامیەكان بەهەردوو باڵە شیعە و سونەكەیەوە لەگەڵ لایەنە عیلمانیە كاندا ئاسان ترە لەهەڵكردنیان لەگەڵ یەكتری دا , هەربۆیە خۆشبەختانە پێدراوە سیاسیەكان وئاڵۆزی هاوكێشەكان وەها كەو تۆتەوە كەپرۆژەی حكومەتی ئاینی هیچ چانسێكی نیە لەواقعەكەدا , هەرچەبری ئەم واقعە یشە وای كردووە لە ئیسلامیە شیعەكان خۆیان بڵێن نامانەوێت دەوڵتێكی ئیسلامی هاوشێوەی ئەوەی ئێران لەعیراقدا درووست بكرێت , ئەمە خاڵێكی ئیجابیە بەڵام هێشتاسەرچاوەكانی دڵەڕاوكێی ئەوانەی ئەیانەوێت عێراقێكی دیموكراتی دروست بكەن هەربەهێزن ,چونكە هێزە ئاینیەكان مەترسی ئەوە یان لێئەكرێت كەئەوەی بەتۆپزی ناتوانن بەدەستی بێنن بەفشاری د بلۆماسیانە بیهێننە دی , بەواتایەكی تر ئەوەی ئەمڕۆ ناتوانن بڵێن داخوازیمانە سبەینێ لەپەرلەماندا بیگەیە ننە بنبەست وبە ناچاری بیسە پێننە سەرهەمو عیراقدا .. هەربۆیە ئێستا لەهەر كاتێك زیاتر پێویستمان بەترس هەیە , ترس لەبەكارهێنانی دەنگی زۆرینە یەك كەهێزە ئاینیەكان هەیانە , ترس لەفۆرمەلەكردنی دەستور بەڕەنگو بۆی ئاین یانە , ترس لەوەی ئاین بكەنە تەنها سەرچاوەی داڕشتنی دەستور , ترس لە بەندی تەمومژاوی دەستووركە بوار بۆ لێكدانەوەی جیاواز ومناوەرەی ئیسلامیەكان بهێ لێتەوە كە سبەینێ هەموو عیراقیەك دەبێت باجەكەی بدات وشەرەكەیشی بكات . كەس ناتوانێت بڕوابكات كە پێكهاتەی عیراق خۆی دەوڵەتێكی هاوشێوەی ئێرانی شیعە و تالیبانی سونە قبوڵ ئەكات بەڵام پێویستە بترسین لەو هێزە جەماوەریە گەورەی ئەمڕۆ ئیسلامیەكان بەهۆی چەپەڵیەكانی بەعس وخراپی باری ژیانی خەڵكی عیراقەوە دروستیان كردووە و هەمیشە باگراوەندێكی بەهێزئەبێت بۆپرۆژەی تۆتالیتاریەتی ئەوانەی ئاین بەكارئەهێنن بۆپرۆژە سیاسیەكانیان . ئەوەی ئەمڕۆ لەباشوری عیراق بەناوی حكومەتی عیراقەوە حوكم ئەكات بەڕاستی حكومەتێكی ئاینی شیعەیە , ئەوەی ئەمڕۆ لەسەروی هەمو ڕێكەوتن وتەوا فوقێكەوە

توانای ڕاگرتن ورایی کردنی بڕیارەکانی هەیە سیستانیە , کە بەبێ هیچ سیفەتێکی ڕەسمی وەکو جۆرە مەرجەعێکی لێهاتووە بۆهەموو عیراق , لێرەدا داوایەکی وەك ئەوەی کەدەیانەوێت شەریعەتی ئیسلام بکرێتە سەرچاوەی داڕشتنی دەستور جێگەی مەترسیەکی گەورەیە بۆ عیراق , مەترسیە نەك هەرلەبەر گرنگی ئەم دەستورە خۆی کەجارێکی تر عیراقی نوێی لەبەر بنیاد ئەنرێتەوە بەڵکو لەبەر ئەو ئاماژە ترسناکانەی کەمەسەلەیەکی وەها لەگەڵ خۆی هەڵیگرتووە . بەبێ پشتیوانی دەستور و یاسای ئیسلامیانە ئیسلامیەکان لەهەرکوێیەك هەژمونیان هەبێت بەو پەڕی هەمەجیانە خۆیان ئەسەپێنن و هەموو جیاوازیەکانیش دەم کوت ئەکەن وەك نمونەکانی ((نەجەف , شاری سدر , ڕومادی , فەلوجە ....)) گەربێتو پاڵپشتی دەستوریشیان هەبێت ئەوا ئیتر دانامێنن بۆئەوەی کەچۆن بیانوی یاسایی دابتاشن وهەموو نەیارەکانیان پاکتاو بکەن . لەدۆخێکی وەهاشدا هەموو کەمینەیەکی نەتەوەیی و ئاینی ومەزهەبیش لەبەردەستیاندا باشتر نابێت لەحاڵی ئەو کوردانەی لەناوچەکانی دیالە و موسڵ سەرئەبڕێن هەرلەبەر ئەوەی کەکوردن .

هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی عیراق ئەوەی نیشان داین کەزۆرینەی خەڵکی عیراق لەگەڵ لایەنە فەندەمینتاڵیستەکاندایە , بەبێ بەشداری سونەکانیش دەرکەوت هیشتا هەر ئەوان زۆرینەی پەرلەمانن , بڕوام وایە لەحاڵەتی بەشداری سونەکانیشدا هەر هێزە ئاینیەکان توانای بردنەوەی کورسیەکانی بەشی سونەیان هەبو نەك خەڵکانی تر ,دیارە ئەم دابەشکردنەی هێزەکان لەنێوان عیلمانی ئیسلامیدا لەعیراق دابەشبونێکی زەق ودیار نیە وەك ئەوەی لەکوردستان هەیە , چونکە لەوێ‌هەندێك جار سەرخێڵ و هێزی عەشایەریش دەر ئەکەوێت کەزیاتر خۆیان لەئیسلامیەکانەوە نزیکتر ئەبینن تاوەکو ئەو هێزانەی ئاینیان نەکردۆتە سەرچاوەی ئایدۆلۆژی خۆیان . ئێستا دیارە سەنگ و قورساییەکانی پەرلەمان بەچ لایەکدا لارسەنگ بووە , بەڵام هێشتا دیار نیە ئەو بابەتە زۆر گرنگ وهەستیارە چیە کەدەتوانێت هەموو هێزە ئاینیەکان لەپەرلەماندا کۆبکاتەوە لەدەوری بۆچونێکی هاوبەش سەرەڕای هەموو ناکۆکیەکانیان , یان ئەو گرفتە چیە پەرلەمانی عیراق ناتوانێت یەکلای بکاتەوە و دۆخەکە ئەگەیەنێتە بنبە ست .

ئێستا لەهەر کاتێك زیاتر پێویستمان بەبیرهێنانەوەی ئەو چەمکە گرنگەیە کەگۆڕەپانی سیاسی عیراق لەم ماوەیەدا زۆرئستهلاکی کردووە ئەویش پرەنسیپی پێکهاتنە ((توافق)) کەهەموولایەنەکان پێداگری لەسەرئەکەن و بەڕاستی برێکی زۆر حیکمەتی تیایە بۆئەو بارو دۆخەئاڵۆزەی عیراقی ئەمرۆی پیاتێ ئەپەڕێت , بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەئیتر هیچ لایەنێك هەوڵی ئەوە نادات پرۆژە و بەرنامەی خۆی بەسەر لایەنە کانی تردا بسەپێنێت , بەتایبەتی خولیاو سەرەڕۆییەکی وەها لای شیعەکان بەڕونی ئەبینرێت وەك ئەو کاتەی کە لەدایکبونی فاتیمەی زەهرایان کردە ڕۆژی ژنانی عیراق وئەو ڕەئیەی عبدول عەزیز حەکیم کەوتی پێویستە عیراق قەرەبوی زیانەکانی جەنگی عیراق – ئێران بکاتەوە . لەم نێوەدا سیستانی خاڵی سەرنج ڕاکێشە , ئەم پیاوە لەلایەکەوە نکوڵی لەوە ئەکات بەشداری سیاسی هەبێت , کەچی ژێربەژێریش هەوڵی سەپاندنی بۆچونەکانی ئەدات بەڕێگای جۆراو جۆر , پشتگیری کردنیشی بۆلیستێك لەناو لیستەکانی تری بەشداربو لەهەڵبژاردنەکاندا بەڵگەی ئەو دەورە دیماگۆجیە یە کەئەم پیاوە ئەینوێنێت : لەلایەکەوە ئەیەوێت مەرجەعێکی باڵای موسوڵمانان بێت و خۆی بەخەمخۆری بەرژەوەندی هەموو عیراقیەکان بزانێت و لەلایەکیش ئەیەوێت دوا فلتەری بڕیار دروستکردنی هێزە شیعیەکان بێت , بەدەم ئەڵێت بەشداری چالاکی سیاسی نابم و کەچی خۆی ئەگلێنێتە وردە کاریە سیاسیەکانی ناو پارتە شیعیەکان و هەرنفوزێکی هەبو لەم هەڵبژارد نەدا بەکاریان هێنا لەکێبەرکێی لایەنە کانی تردا . ئەو ڕۆڵەترسناکەی کە ئەم پیاوە دەشێت بیگێڕێت و دەبێت هەموان لێی بترسن ئەوەیە بخرێتە سەروی هەموو دەزگاو یاساو دەستورێکەوەو دواقسەی هەرکێشەیەکی بە بنبەست گەیشتو بدرێتە دەستیەوە . ڕێك ئەو ڕۆڵەی ئەمرۆخامنەیی لەئێران ئەیگێڕێت هەموو گەلانی ئێران ئەناڵێنن بەدەستیەوە .

ترسان لەئاینی کردنی دەستور هەر ترسی کورد نابێت بیگومان ترسی هەندێك هێزو کەسایەتی تری ناو پەرلەمانیش ئەبێت , کە گونجاوترین هاوپەیمان ئەبن بۆنوێنەرانی کورد بۆئەوەی ئە و ڕێژەیە پێك بهێنن کەمافی ڤیتۆیان ئەبێت بەرامبەرهەرهەوڵێکی

**ئاینی کردنی دەستور . ئەم تەمەنە کورتەی ئەم پەرلە مانە چاوەڕێی کارێکی چارەنوسسازی لێئەکرێت , ئەوەی لەم چەند مانگەدا بڕیاری لەسەر ئەدرێت ئەبێتە دەستور بۆعیراقی پاشە ڕۆژ , ڕاستە بۆکورد ئەو لەویەت دان بەکەرکوك وکێشە ستراتیژیە نەتەوەییەکانی پێویستە , بەڵام گەلێك پێویستە بەو قورساییەی کە لە پەرلەماندا هەیەتی ببێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆڕێگەگرتن لەبەئاینی کردنی دەستوری دەوڵەتی عیراق .**

**محمد حسين**
Mihamad_79@yahoo .com